**Referendum Movement in Kurdistan**

بزووتنەوەی ڕیفراندۆمی کوردستان _ دەرەوەی وولآت

# خۆپیێشاندانەکانی 8 . 21 وەفادارییە بۆ قۆربانیانی ئەنفال

**ئەنفال سیمبولّی ئازاری گەلیّکی بەشخوراوە ، نالّەی 182000 مرۆڤی بیّ گوناهە و ئاویّنەی نەهامەتیەکانی گەلیّکی 45 ملیونی بیّ دەولّەتە ، ئەنفال تاوانی جینۆسایدە و دەربرینی رقی رەشی فاشستەکانە دەرهەق بەگەلیّکی مافخوراو ، نامەی درندەیی بەعسی خویّنمژە بۆ گەلی کوردی زولّم لیّکراو .**

**لە 2006 –8 –21 گیانی پاکی 182000 هەزار مرۆڤی بیّ گوناهـ بەسەر هۆلّی دادگای دادگایکردنی سەدام حسین و دارودەستەکەی دەسوریّتەوە ، ئەو رۆژە نامەی هاوار و قریوەی کۆرپەی بیّ نازە ، کروزانەوەی دایکی کراس رەش و ژنی بیّ میّردە ، ووتاری خاکی سووتاو و پاشماوەی ژینگەی کیمیا برانکراوە بۆ مرۆڤایەتی و بۆ راچلّەکاندنی ویژدانی نستووی دژە مرۆڤەکانە دەرهەق بەو تاوانە بیّ ویّنەویەی بەرامبەر گەلی کورد ئەنجامدرا .**
**لەم رۆژەدا سەدام و دارودەستەکەی لەسەر تاوانی ئەنفال دادگایی دەکریّن ، رۆژیّکی نویّی میّژووییە لە ناساندنی و ئاشنا بوونی جیهان بە ئازارە پر مەینەتیەکانی گەلیّکی 45 ملیۆنی بەش خوراو ، میدیاکانی جیهان چاو دەبرنە هۆلّی ئەو دادگایە و گەلانی سەر زەمین گویّبستی چیرۆکەکانی تراژیدیای مەرگەساتی ئەنفال دەبن ، خۆریکخستنی گەلی کوردیش بۆ دەربرین لەم مەرگەساتە وولآمدانەوەیەکە بۆ زیندوویی ئەم گەلە و یەکبوونی هەلّویّستیەتی لەمەر ئازارەکانی .**
**بزووتنەوەی ڕیفراندۆمی کوردستان _ دەرەوەی وولآت داخوازە لە کۆمەلّگای کوردی لە دەرەوەی کوردستان ئامادە بوونی خۆی تۆمار بکات لەو خۆپیێشاندانانەی کە رۆژی 2006 – 8 – 21 ئەنجام دەدریّت لە تیّکرای وولآتانی جیهان کەزۆریشی بەردەم بالّویّزخانەی عیّراقی لەو وولآتانە بەریّوە دەچیّت .**
**بەشداریمان وەفادارییە بۆ گیانی بیّ گەردی 182000 کوردی بیّ گوناهە ، نامەی هاودەنگیمانە بۆ نەهامەتیەکانمان و دەربرینی راستی هاوخەمیمانە بۆ قوربانیانی ئەنفال کە لە پالّ تراژیدیاکانی تردا بوونە سیمبولّی ئازارەکانی گەلی کوردی بەشخوراو .**

**سەری ریّز و نوازش بۆ قوربانییە بیّ سەروشویّنەکانی ئەنفال و گشت شەهیدانی نەمری کورد و کوردستان .**

**کۆمیتەی بالآی بزووتنەوەی ڕیفراندۆمی کوردستان _ دەرەوەی وولآت**

**17 – 8 – 2006**